# راپۆرتی دوو مانگەی چالاکیەکانی
# وەزارەتی مافی مرۆڤی
# حکومەتی هەرێمی کوردستان

---

**چالاکیەکانی ئەیلول و تشرینی یەکەم /2007**

---

## مافی چارەی خۆ نوسین داوایەکی رەوای گەلانە .....

## کار بۆ بنبڕکردنی پێشێلکارییەکان دەکەین

---

## لەم ژمارەیەدا ئەمانە بخوێنەوە:

- کۆبوونەوەکانی توندوتیژی دژی ژنان

بەردەوامە...

- گەشتەکانی وەزیری مافی مرۆڤ بۆ ئە نجومەنی مافی مرۆڤ لە نەتەوەیەکگرتووەکان لە سویسرا...
- دیدار و چاوپێکەوتنەکانی وەزیری مافی مرۆڤ

لە هەر دوو مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەم ...

- بەشی بەندیخانەکان
- بەشی ئافرەت و منداڵ
- بەشی سکاڵا
- بەشی رێکخراوەکان

# کۆبوونەوەکانی توندوتیژی دژی ژنان

## بەردەوامە....

لە هەردوو مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەم هەوڵەکان بۆ هەندێ هاتنە پێشەوەی کار و کردەوەی پەیوەست بە مافی مرۆڤەوە کە رەنگدانەوەی ئەوەی پێوە دیاربێ هاولاتیان دەرك بەوە دەکەن کە بوارێك هەیە پێی دەگوترێ (بواری مافی مرۆڤ) و پێویستە بناسرێ و پێویستە ئاشنای ببن و پێشێلکارییەکانی رووبەڕوو بکرێتەوە.

لە هەمان کاتیشدا دەزگاکانی ئەم بوارە بەتایبەت وەزارەتی مافی مرۆڤ و رێکخراوە نا حکومیەکانی تایبەتمەند لەم بوارە دەرکیان بەم مەسەلەیەوە کرد و زیاتر لەناو مەسەلەکان قوڵبوونەوە، لەگەڵ ئەم جۆرە گۆڕانکارییانەش هەندێ دیاردەی دزێو هاتە ئاراوە لەمانە:

دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان کە پانتاییەکی زۆری لە راگەیاندنەکان گرت و بووە مایەی سەرنج و تێڕامانی هەموو لایەك تا گەیشتە ئەوەی چالاکی رووبەڕووبوونەوەی زۆری بۆ بکرێ و ولاتانیش بێنە سەر خەت وەك گواستنەوەی تاقیکردنەوەکانی حکومەتی بەریتانیا لە پاکستانەوە بۆ کوردستان و چوونی وەفدێکی بالای کوردی بۆ بینینی ئەم تاقیکردنەوە و هاتنەوەیان و کارکردن بۆ بەجێگەیاندنی کوردستان وەك بەشێك لە گەیاندنی لایەنە چالاکیەکان لە پێناوی کەمکردنەوەی دیاردەکە...

پڕوشکی ئەم دیاردەیە خۆی زیاتر دەهاوێشت تا گەیشتە ئەوەی خودی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات و ئەم مەسەلەیەیان لەگەڵ گفتوگۆ بکات لە ئەنجامیش لیژنەیەکی بالای بەدواداچوون دروستبێ لە چەند وەزارەتێك لەسەر رووی هەموویانەوە وەزارەتی داد و مافی مرۆڤ و ناوخۆ و ئەوقاف و کاروباری کۆمەلایەتی و کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی و ژنان و ئافرەتان و وەزارەتی مافی مرۆڤ سەرۆکایەتی بکات...

ئەم لیژنەیە لەماوەی ئەم دوو مانگەدا ژمارەیەك کۆبوونەوەی کردوە و ئەنجامی چاکی وەدەستهێناوە و کاری مەیدانی ئەنجامداوە و تیۆژینەوە و ئاماری لەسەر کراوە و لەسەرووی هەمووشیانەوە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ بە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بۆ لێپێچینەوە و بەدواداچوونی ئەم دیاردەیە...

هەوڵەکانی وەزارەتی ئەوقاف لە میانی مینبەری خوتبە خوێنەکان رۆژانی هەینی و روونکردنەوەی خراپی ئەم دیاردەیەوە دەرهەق بە ئاین و مرۆڤایەتیەوە... بەبێ نەوەستان لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە بەهەرچی شێوەیەك بێت ئەم دیاردەیە هەر هیچ نەبێ وورده وورده رێژەی کەمبکرێتەوە ئەمەش بە بلاوکردنەوەی بیری هۆشیاری بەتایبەت لەناو لادێکان و وەرگێڕانی راگەیاندن و پیاوانی ئاینی لەم بوارەدا.

وەزارەتی مافی مرۆڤ-یش بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە بە بەردەوامی لەمیانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی کە لە دیوانی وەزارەت و نووسینگەکانی خۆی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەیەتی لە هەوڵی بێشوماردایە کە کار بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە بکات و بە بەردەوامی تەکان بەو کۆبوونەوانە دەدات و لە ئایندەش ئەنجامەکانی لە میانی کۆنفرانسێکی فراوان بۆ هەموو لایەك دەخەینەڕوو.

## لە گەشتەكانى وەزيرى مافى مرۆڤ

## بۆ ئە نجومەنى مافى مرۆڤ لە نەتەوەيەكگرتووەكان

## لە سويسرا.....

- **باسى تايبە تمەندێتى كوردستان كرا لەڕووى سە پاندنى ئارامى و بوونى ئاسايشى تەواو....**
- **لەگەڵ ( مفەوەزييەى سامى ) داواى بە جيهانيكردنى جينۆسايدى ئەنفال دژى گەلى كورد كراو بەبايەخەوە لە نەتەوەيەكگرتووەكان وەرگيرا.**
- **لەم كۆبوونەوانەدا ئاماژە بەوە كرا كە دەبێت ئيجرائات لەگەڵ ئەم ولاتانە بكرىٚ كە پێشێلكارى مافى مندالآنيان تيا بەرجەستە دەكرىٚ.**

رۆژى 2007/3/21 ئەنجومەنى مافەكانى مرۆڤ لە نەتەوەيەككگرتووەكان لە (جنێڤ) كۆبوونەوەكانى خۆى دەستپێكرد بۆ بەشداريكردن لە خولى چوارەمى ئەم كۆبوونەوانە وەفدێكى عيراقى بە سەرۆكايەتى د. شوان مەحەمەد عەزيز وەزيرى مافى مرۆڤى حكومەتى هەرێمى كوردستان و بە ياوەرى بەرێزان عومەر بەرزنجى باليۆز و لێپرساوى مافى مرۆڤ لە وەزارەتى دەرەوەى عيراق و بەرێوەبەرانى گشتى لە وەزارەتى مافى مرۆڤى عيراقى و نوێنەرانى باڵيوزخانەى عيراق لە جنێڤ سەردانى بارەگاى نەتەوەيەكگرتووەكانى كرد، ديارە ئەمە يەكەمجارە لە مێژوودا وەزيرێكى كورد سەرۆكايەتى وەفدى عيراق دەكات كە بە درێژايى نيو سەدە زياتر لە سەر دەستى رژێمە يەك لە دواى يەكەكانى ئەم وولاتە گەلى كورد گەورە قوربانى پێشێلكارييەكان بوە كە هەميشە هەوليداوە دەنگى ئەو زوڵملێكردنە و پێشێلكارييانەى بگاتە سەر ئەو مينبەرەى كە ئەمڕۆ دواى نەمانى ديكتاتۆريەت و بنياتنانى حوكمێكى مەدەنى و ديموكراسيەت و فرەحيزبى و فيدراڵيەت وەزيرێكى كورد لە سەر هەمان مينبەر بەرگرى لە مافەكانى مرۆڤى هەموو عيراق بە كورد و عەرەب و نەتەوەكانى ديكە دەكاتەوە كە ئەمەش خۆى لە خۆيدا گۆڕانكارييەكى مێژوويى و سەردەمانەيە لە گۆڕانكارييەكانى دونيادا بەرەو رەوشى ديموكراسيەت.

لە ڕۆژى يەكەمدا هەر لەگەڵ گەيشتنياندا راستەوخۆ بەشدارييان لە كۆبوونەوەكانى ئەنجومەنى مافى مرۆڤ كرد كە ساڵانە لەم شوێنەدا (3) جار كۆ دەبێتەوە.

ئەم دەورەيە بە خوێندنەوەى وتارى سەفيرەكانى ولآتان دەستپێكرد و ئينجا بڕياردەرى تايبەتى سەرۆكى ئەنجومەن راپۆرتى خۆيان خوێندەوە و دواى گوێگرتن لە مانە دەستكرا بە گفتوگۆ لەسەر ناوەرۆكى وتار و راپۆرتەكان...

لە ئەجنداى كۆ بوونەوەكاندا تەوەرى سەرەكى رەوشى مافى مرۆڤ بوو و باسيش لە (22) خاڵكرا لە مانە:

( بار و گوزەرانى پەككەوتەكان و رەوشى مافى مرۆڤ لە كۆرياى باكور و فەلەستين و زيمبابۆى و ميانمار و بوروندى و بورما و هەروەها توند و تيژى دژى ژنان و كاريگەرى قەرزارى ولآتان لەسەر دابينكردنى مافەكانى مرۆڤ و بىٚ سەر و شوێنكردنى هاوولآتيان و پێشێلكارى مافى مندالآن و دابينكردنى خوێندن بۆ هەموو كەسێك بە تايبەت پەككەوتەكان.

چەند مەسەلەیەکی گرنگتر کە ئەویش باسکردنی توندوتیژی دژی پارێزەرانی مافی مرۆڤ و نەهێشتنی تیرۆر و سیستەمی ئازار و ئەشکەنجە لە بەندیخانەکان.

چەند لایەنێکی دیکەی وەك رەوشی تەندروستی و کاریگەری کۆمپانیاکان لەسەر مافی مرۆڤ و پاراستنی مافی کەمە نەتەوەییەکان و یاسای گەلانی رەسەن و سزای لە سێدارەدان و پەنابەرانی ناوخۆ و پاراستنی دایکان...)

ئەم خالانە لە ماوەی کۆبوونەوەکاندا کە (9) رۆژی خایاند بە تێروتەسەلی باسیلێوەکرا و گفتوگۆ و راو بوچوون و پێشنیارێکی زۆری بە خۆوە گرت...

ئەمە سەرباری باسکردنی رەوشی مافی مرۆڤ لە عیراق و ئەو ئارامیەی کە لە کوردستاندا هەیە لە لایەن وەفدی عیراقەوە بە گشتی و خودی وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەت کە ئەم مەسەلەیە لە چاوپێکەوتنە تایبەتیەکانی خۆیدا لەگەڵ باڵیۆزانی هەمیشەیی ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و فەرەنسا لە (جنێڤ) لەم دیدارانەدا باس لە وەکرا کە هاوکاری نێوانی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی ئەم ولاتانە هاوکارییەکی رێکوپێکە و بالیۆزخانەی ئەمریکا و بەریتانیا بە بەردەوامی سەردانی وەزارەت دەکەن و بیر و راکان لەمەڕ رەوشی مافی مرۆڤ لە دەڤەرەکە دەگۆڕدرێتەوە...

هەر لەم دیدارانەدا باس لە باری تایبەتی کوردستان کرا کە تایبەتمەندییەکی دیکەی لە رووی باری ئارامی و ئاسایشی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عیراقدا هەیە کە تیایدا یاسا جۆرێك لە سەروەری خۆی پاراستوە و رەوشی مافی مرۆڤی تا رادەیەکی باش تیا پارێزراوە و بیر وڕای ئازاد و رۆژنامەی ئازاد هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکان بەردەوامن بۆ باشترکردنی ئەم ئارامی و پاراستنی یاسا و ئاسایش بۆ ئەوەی بتوانرێ کوردستان بکرێتە نموونەیەك لە عیراقدا.

لەبەرئەوەی لەم دیدارەدا وەزیری مافی مرۆڤ داوای کرد کە کوردستان وەك بنکەیەك وەربگرن بۆ کارکردن لە عیراق، چونکە دەکرێ بگوترێ کوردستان گونجاوە بۆ زیاتر چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ.

لە بەرامبەردا باڵیوزی ئەمریکا دووپاتی ئەوەی کردەوە کە بەردەوام دەبن لە پشتیوانی کردنی گەلی کورد و داواشی کرد کەوا وەزارەتی مافی مرۆڤ لیستێك ئامادە بکات بەو هۆکارانەی کە دەبێتە زیاترکردنی هاوکاری ئەوان بۆ ئێمە و ئەو لیستەش ئامادەکرا و درایە باڵیوزی ئەمریکا.

لە دیداری ئێمە و بالیۆزی بەریتانیا-ش ئاماژە بە سەردان و ئامادەیی قونسولێ بەریتانی لە کەرکوك کرا و ئامادەباشی خودی خۆی بۆ هاریکاری کردن دەربڕیوە و باس لەم پرۆژەیەش کرا کە بڕیارە لەگەڵ قونسولیەی بەریتانی لەسەر توندوتیژی دژی ژنان و هێنانی پسپۆریەتی بەریتانی لەمەڕ ئەم مەسەلەیەوە بۆ کوردستان کە لە ولاتەکانی دیکە پەیڕەویان کردوە وەك لە پاکستان جێبەجێیانکردوە و هەوڵبدرێ بە شێوەیەکی چاکتر لە کوردستان دووبارە بێتەوە کە ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردندایە...

لە دانیشتنێکی دیکەی وەزیری مافی مرۆڤ لەگەڵ سەفیری (کەنەد)ی جارێکی دیکە باس لەسەر پرۆژەکانی کەنەدی لە عیراق و کوردستان کرا کە لە رێگای رێکخراوی PGF ئەنجامدراوە بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و تەجرەبەی بەکارهێنانی دوو زمان لەیەك وولاتدا...

هەرلەم دیدارەدا باس لە بوونی دانانی (مفوصیه حقوق الانسان المستقله) لە کوردستان کرا، بەڵام ئەم داوایە لە لایەن وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە (رەتکرایەوە) و داوا کرا با ئەوان پشتگیری و هاوکارییەکی بە هێزی وەزارەتی مافی مرۆڤ بکەن لە جیاتی ئەم مەسەلەیە، چونکە تایبەتمەندێتی کوردستان جیاوازە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عیراق.. بۆیە لەبەرامبەردا داوامان لێکردن:

1- **بایەخدانی زیاتر بە مافی مرۆڤ**
2- **راهێنانی کادیرەکانی وەزارەت و پۆلیس و دادوەرەکان**
3- **هێنانی پسپۆرایەتی لەمەڕ رەوشی مافی مرۆڤ و کارپێکردنی لە کوردستان بە مەرجێك جۆرێك لە گونجانیەتی ناوچەکەی پێوەدیاربێ...**

لە دیدارێکی دیکەی وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو سەرۆکی وەفدی عیراق لەگەڵ بالیۆزی فەرەنسا و جێگرەکەی باس لەو رۆڵە مێژوویی و پڕ لە بایەخەکرا کە حکومەتی فەرەنسا لەسەردەمی رژێمی پێشوو بەرامبەر بە گەلی کورد هەیبوە... بە تایبەت رۆلی ( مادام میتران) و سەردانی بۆ کوردستان و (هەڵەبچە)ی شەهید کە نیشانەی دڵسوزی گەل و حکومەتی فەرەنسای نواند و خەڵکی کوردستان – یش هەر لەبەر ئەوەیە بە (دایکی کورد) ی ناو دەبەن و لەم رووەوە بالیۆز جارێکی دیکەش ئەوەی دووپاتکردەوە کە لە رێگای سەفارەتەکەیانەوە لە بەغدا ئامادەن پشتگیری لە حکومەتی عیراق بکەن و لەگەڵ خەڵکی عیراق بە وەفا بن و راشیگەیاند کە بە نیازن (سەنتەرێکی کلتوری) لە هەولێر دابمەزرێنن و لەو مینبەرەشەوە هاریکاری تەواو بکەن بۆ بەرەو پێشەوە چوونی رەوشی مافی مرۆڤ.

لە بەرامبەریشدا و لە هەموو دیدارەکاندا وەزیری مافی مرۆڤ بە تێروتەسەلی باسی لە چالاکیەکان و ئامادەکارییەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد لە رابردوو و ئێستا و ئایندەدا.

جارێکی تریش هەر لە درێژەی بەردەوامبوونی کۆبوونەوەکانی خولی شەشەمی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان کە لە رۆژانی 9/10/ تا 2007/9/28 لە (ژنێڤ)ی پایتەختی سویسرا کارەکانی بەردەوام دەبێت، رۆژی 24/ی ئەم مانگە وەفدێکی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرال بە سەرۆکایەتی د.شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی کوردستان و بە یاوەرێتی هەریەك لە (بالیۆز عومەر بەرزنجی لێپرسراوی هۆبەی مافی مرۆڤ لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق و تاڤگە عومەر رەشید و عەبدوڵلا عەبدولکەریم بەرێوەبەرانی گشتی لە وەزارەتی مافی مرۆڤی کوردستان و خاتو ئەحلام گەیلانی لێپرسراوی مافی مرۆڤ لە بالیۆزخانەی عیراق لە سویسرا) بەشداری ئەم کۆبوونەوەیانکرد.

شایانی باسە خولی شەشەمی کۆبوونەوەی مافی مرۆڤ لە ساڵی (2007)دا ئەمە سێیەمین جارە کۆبوونەوە بۆ کارەکانی بە بەشداری نوێنەری زۆربەی وڵاتان دەبەستێت. لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ د. شوان محەمەد عەزیز سەرۆکی وەفدی عیراق لە ناو هۆڵی کۆبوونەوەکاندا رایگەیاند:

**له بڕیاره گرنگەکانی ئەم خوله دەبێت ساڵانه (3) جار کۆبوونەوه ببەسترێت و هەر جارەی (16) وڵات دیاریدەکرێت و ڕەوشی مافی مرۆڤ لەم (16) وڵاته تاوتوێدەکرێت.**

**هەروەها ڕایگەیاند:**

دیاره دیاریکردنی ناوی ئەم وڵاتانەش له ڕێگای تیروپشکەوه به شێوازی ئەلکترۆنی ئاشکرا دەکرێ، بەم شێوه لەم هەر (3) کۆبوونەوانەدا ڕەوشی مافی مرۆڤ له (48) وڵات تاوتوێدەکرێ... لەم کۆبوونەوەیەشدا ناوی ئەم وڵاتانه ئاشکرا دەکرێ که بۆ ساڵانی داهاتوو واته (2008 و 2009 و 2010 و 2011) بەشداری له کۆبوونەوەکان دەکەن، ناوی عیراقیش بۆ خولی حەوتەم دەرچوو که ده کەوێته ساڵی (2010) وتیایدا به شێوەیەکی گشتی ڕەوشی مافی مرۆڤ تاوتوێدەکرێت.

**وەزیری مافی مرۆڤی کوردستان و سەرۆکی وەفدی عیراق لەم پەیوەندییه تەلەفۆنیەدا باسی له گرنگیەکانی ئەم کۆبوونەوەیه کرد و گوتی:**

کارێکی دیکەی کۆبوونەوەکان بریتیبوون له خوێندنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت به بڕیاردەری نەتەوەیەکگرتوەکان سەبارەت به ڕەوشی مافی منداڵان له جیهاندا و که له دوو تەوەری سەرەکی ڕەنگیدەدایەوە و یەکەمیان چەکدار کردنی منداڵان و بەکار هێنانیان له شەڕی نێوان وڵاتاندا و تەوەری دووەمیشیان قۆستنەوەی منداڵان له ڕووی کاری سێکسیەوە...

ناوی ئەم وڵاتانەش ئاشکرا کرا که پێشێلکاری مافی منداڵانیان تیادا بەرجەسته دەکرێت لەمانەش: (سریلانکا و سودان و کۆنغۆ و بڕۆندی و میانمار).

له کۆبوونەوەکەشدا ئاماژه بەوەکرا که دەبێت ئیجرائات لەم وڵاتانه بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پێشێلکارییانەی که دەرهەق به منداڵان دەکرێت.

د. شوان مەحەمەد عەزیز سەرۆکی وەفدی عیراقی له تەوەرێکی دیکه پێیڕاگەیاندین که بڕیار وایه له ڕۆژانی داهاتودا وەفدی عیراق له درێژەی کۆبوونەوەکانی ئەمجارەدا باس له تەواوی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق لەمەڕ کارەساتی ئەنفال بکات و لەگەڵ (مفەوەزییەی سامی) سەر بەنەتەوه یەکگرتوەکان به مەبەستی ناساندن و به جیهانیکردنی جینوسایدی ئەنفال دژی گەلی کورد گفتوگۆ بکات تا ئەم کارەساته دژ به مرۆڤایەتیه وەکو جینوسایدی کوردان له سەر ئاستی جیهاندا بناسرێ.

هەرله بەردەوامی کارو چالاکیەکانیدا له بارەگای نەتەوه یەکگرتوەکان له جنیف,دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 25-9-2007 شاندی ناوبراو کۆبوونەوەیەکی گرنگی لەگەڵ خاتوو (لویس اربور) مفەوەزی سامی مافەکانی مرۆڤ له نەتەوه یەکگرتوەکان ئەنجامدا, تەوەری سەرەکی ئەم کۆبونەوەیەش بریتی بوو له ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال و بەجیهانی کردنی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەسەر تاوانی ئەنفال و سەرانی ڕژێمی پێشوو تاوەکو بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن نەتەوه یەکگرتوەکانەوه بناسرێت وەك تاوانی جینۆساید.و ئەم پێشنیاره لەلایەن مفەوەزی سامی نەتەوەیەکگرتوەکانەوه بەبایەخەوه وەرگیراو و بەڵێنی ئەوەش درا به شاندی کوردی که ئەم بابەته گفتوگۆو لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام دەدرێت و وەلەبەر گرنگی بابەتەکەش ئاماژه بەوەکرا کەله ئێستای کاری نەتەوه یەکگرتوەکان (بان کی مون) ی سکرتێری گشتی

نەتەوە یەكگرتەوەكان نوێنەری تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە داناوە لە شاری نیویۆرك و وابریارە لە داهاتویەكی نزیكدا ئەم نوێنەرە كارەكانی لەسەر بابەتی جینۆساید دەست پێبكات.
وە (لویس اربور) مفەوەزی سامی ئاماژەی بەوە كرد كە دەسەلاَتدارانی حكومەتی هەرێم بەجدی كار لەسەر بەرەو پێش بردنی رەوشی مافی مرۆڤ دەكەن لە كوردستان و جگە لەوەش رەوشی مافی مرۆڤ لە كوردستان و بە تایبەتیش رەوشی بەندیخانەكانی بەباشی هەلَسەنگاندو هەموو هەنگاوەكانی حكوومەتی هەرێمی لەم رووەوە بەرز نرخاند و, سزای لە سێدارەدان و كاریگەرییە نێگەتیڤەكانی لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ تەوەرێكی تری گفتوگۆكان بوو و ئاماژە بەوە كرا كە لەكاتی خۆیدا نەتەوە یەكگرتوەكان نیگەران بوو بەجێبەجێ كردنی سزای لەسێدارە دان لەسەر (سەدام حسین ) نەك لەبەر ئەوەی كە تاوانبار نییە بەلَكولەبەر ئەوەی سزای لە سێدارەدان لەگەلَ بنەماكانی پاراستنی مافەكانی مرۆڤ ناگونجێتت و ئەم سزایەبە یەكێك لە پێشێلكاریە بەرچاوەكانی مافی مرۆڤە لە دنیادا .
كاتژمێر (1)ی پاش نیوەرۆی رۆژی 28-9-2007 شاندی ناوبراو لەگەلَ بەرێز (ئارتەك ئەپیتۆنیەن) بالَیۆزی كۆماری ئەرمینیا كۆبوونەوەیەكی تری ئەنجامدا لەبەر رۆشنایی ئەو پرۆژە بریارەی كە لەلایەن ولاَتەكەیەوە پێشكەش بە سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی مافی مرۆڤ كرابوو لەسەر بەرگرتن لە جینۆساید ودووبارە نەبوونەوەی ئەم تاوانە لە دنیادا كە بە كۆی دەنگ لەلایەن ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتوەكانەوە پەسەندكرا, مەبەست لەكۆبوونەوەكەش پەیداكردنی پشتیوانی بوو بۆ بە جیهانی كردنی جینۆسایدی ئەنفال كە لەلایەن دادگای بالاَی تاوانەكانی بەغداوە بە جینۆساید لە قەلَەم دراوە و بالَیۆزی ئەرمینیا جگە لەوەی كە ئاماژەی بەوە كرد كە زانیاری تەواویان هەیە لەسەر كەیسی ئەنفال لەهەمان كاتدا هاوسۆزی وئامادەیی حكوومەتەكەی دەربری بۆ پشتیوانی كردنی لەم كەیسە و وەئاماژە بەوەكرا كە جیاوازی لەگەلَ كەیسی ئەرمەنیەكان ئەوەیە كە كەیسی ئەنفال لەلایەن دادگای بالاَی تاوانەكانی بەغداوە بریاری لەسەر دراوە.بۆیە كاركردن بۆ بەجیهانی كردنی ئاسانترە.
وەهەمان رۆژ وێنەیەكی بریاری دادگای بالاَی تاوانەكانی بەغدا درا بە بالَیۆزخانەی عێراق لە سویسرا بۆ ئەوەی لە رێگەی خۆیەوە بەشێوەیەكی فەرمی پێشكەش بە ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتوەكان بكرێت بەمەبەستی وەرگێرانی و دابەش كردنی بەسەر ولاَتانی ئەندامدا.

**لە دیدارەکانی وەزیری مافی مرۆڤ:**

- **بنبڕکردنی رۆحیەتی حیزبایەتی لەناو فەرمانگەکاندا...**
- **لەگەڵ باڵیۆزی ئەڵمانیا باس لە رەوشی مافی مرۆڤ کرا...**

بۆ پتەوکردنی پەیوەندی سوودبەخشانەی نێوان حکومەت و حیزبەکان بۆ گەشەپێدانی کارو بەرنامەکانی حکومەت، سەرلەبەیانی رۆژی 2007/11/8 بەڕێز د.شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نووسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لەبەڕێز بەکر مستەفا سەعید لێپرسراوی مەڵبەندی (3)ی رێکخستنی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد.

لەم دیدارەدا کە بەڕێزان عبداللە عبدالکریم بەڕێوەبەری گشتی دیوان و شێخ جەنگی لێپرسراوی پەیوەندییەکانی مەڵبەندی (3) ئامادەیبوون باس لەوەکرا کە پێویستە بە هەموو شێوەیەك رەچاوی ئەوە بکرێ حیزبایەتی لەکاری رۆژانەی حکومەت دووربخرێتەوە و جۆرێك لەسەربەخۆیی لەبەرنامەکانی کارکردن هەبێت کە ئەمەشیان دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ نەمانی سستی لەکاری حکومەت و پێشخستنی رەوشی وەزارەت و فەرمانگەکان...

لەتەوەرێکی دیکەدا وەزیری مافی مرۆڤ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت بەر لەهەموو کەس و لایەنێك زیاتر هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار هەوڵی زیاتر بدەن بۆ نەمانی پێشێلکارییەکان و پابەندبوون بە بنەماکانی مافی مرۆڤ بەتایبەت لەناو دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس، ئاماژەشی بەوەدا کە پێشکەوتنێکی بەرچاو لەم بوارەدا بەدیدەکرێ بەتایبەت لە بەندیخانەکاندا و رەچاوکردنی حکومەت لەژیان و گوزەرانی زیندانیان لەلایەنی مرۆڤایەتیەوە و ئەمەش بوو لەم دواییانەدا لێبوردنێکی گشتی دەرکرد کە ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیان سوودیان لێوەرگرت و بووە هۆکارێکیش بۆ چاکسازی بۆ ئەم زیندانیانە.

لەبەرامبەردا لێپرسراوی مەڵبەندی (3)ی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئامادەباشی خۆیانی نیشاندا کە بەرۆحێکی کوردانەوە پشتگیری لە هەنگاوەکانی حکومەت بکەن و کار بۆ ئەوەش بکەن کە بەبەردەوامی دژی پێشێلکارییەکان کاروبەرنامە سازبدەن کە ئەمەش بەشێکی گرنگی بەمەدەنی بوونی گەلەکەمانە.

دیارە ئەم بەسەرکردنەوانەش لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بۆ دەزگاکانی حکومەت بەشداریکردنێکی کاریگەرانە دەبێت بۆ بنبڕکردنی دیاردەی حیزبایەتی لەناو فەرمانگەکاندا.

هەرهەمان رۆژ لە نووسینگەی تایبەتی خۆی بەڕێز د.شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ چاوی بە بەڕێزان (ئەندریاس کرۆکەر) رێکخەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا و (کەنعان شێخۆ) نوێنەری فەخری قونسولیەی ئەڵمانیا لەهەرێمی کوردستان کەوت.

لەم دیدارەدا کە هەردوو بەڕێزان بەڕێوەبەری گشتی دیوان و کاروباری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت ئامادەیبوون... وەزیری مافی مرۆڤ بەدرێژی باسی لە چالاکی وەزارەت و رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان کرد, بەتایبەت رەوشی بەندیخانەکان کە لەم ماوەی دوایدا چاکسازییەکی باشی لە رووی پاراستنی مافیکانی زیندانیان بەخۆوە بینیوە و تا سنورێکی باش بنەماکانی مافی مرۆڤ تیا رەچاو دەکرێ.

لەتەوەرێکی دیکەی ئەم چاوپێکەوتنەدا بەدرێژی گفتوگۆ لەسەر کاری توندوتیژی دژی ژنـان و بـاری کۆمەڵایـەتی و سزادانی ئەو کەسانەی کە ئەم تاوانە ئەنجامـدەدەن کـرا لـەم رووەوەش وەزیـری مـافی مـرۆڤ ئامـاژەی بـەوەدا کـە دەکرێ بڵێین ئەم دیاردەیە روو لە کەمبوونەوەیە ئەویش بەهۆی کۆمەڵێك میکانیزمی کارکردن لەلایەن حکومەتـەوە بۆ پێش گرتن لەم دیاردەیە بەتایبەت دانانی سزای یاسایی توندتر بۆ ئەوانەی ئەو تاوانانە ئەنجامدەدەن و هەڵمەتی فراوانی راگەیاندن لەناو شار و لادێکان بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەم کارە دژوارە بۆ سەر مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا.

هەر لەم پێکگەیشتنەدا بەندیخانە تایبەتیەکانی حیزبەکان قسەی لەسەر کرا و وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتی کـردەوە کە زانیاری لەسـەر هـیچ بەندیخانەیـەکی تایبـەتی و نهێنـی حیزبـەکان نیـە کـە هـەبێت... بـاس لەکێشەی تـیرۆر و موحاکەمەکردنیان بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەبوو کە بەدرێژی بۆ وەفدی میوان روونکرایەوە کە ئـەم کـارە پێشتر پێویستی بەدانانی یاسایەك هەبووە, بەڵام ئێستاکە یاسای تیرۆر لەپەرلەمان دەرچوو و لەسەر ئـەم یاسـایە مامەڵـە لەگەڵ تیرۆر و تیرۆرستان دەکرێ, لە کۆتایدا تیشك خرایە سەر ئەو سەنتەرانەی بۆ ژنان لـە کوردسـتاندا هەیـە کـە بەلای وەفدی میوان ئەمە کارێکی دروست و لەباربوو بۆ پاراستنی ئەو ژنانەی کە رووبەڕووی کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەبنەوە.

شایانی باسە ئەم دیدارە سەعاتێکی خایاند.

# کۆبوونەوەی بۆردی راوێژکاری لە
# وەزارەتی مافی مرۆڤ

رۆژی سێشەممە رێکەوتی 2007/10/30 لە دیوانی وەزارەت بە ئامادەبوونی بەڕێز د.شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی بۆردی راوێژکاری ئەنجامدرا.

تەوەری کۆبوونەوەکە تەرخان بوو بۆ قسەکردن لەسەر شاندی وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ کۆبوونەوەی شەشەمی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان کە مەسەلەی بەجیهانیکردنی جینۆسایدی ئەنفال وەك بڕیار لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسندکرا.

هەروەها تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکە تاوتوێ کردنی دوا راپۆرتی یۆنامی بوو کە رێکخراوی یۆنامی لەسەر رەوشی مرۆیی بلاَوی کردۆتەوە.پاشان قسەکرا لەسەر بەرنامە و پلانی وەزارەت بۆ زیندوکردنەوە و بەرز راگرتنی رۆژی بلاَوکردنەوەی جاڕنامەی مافەکانی منداڵان کە دەکاتە رۆژی 11/20 هەروەها رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان کە دەکاتە 11/25 لەم رۆژەدا وەزارەت بەنیازە کۆنفرانسێك لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجام بدات.

هەروەها بەهەمان شێوە پلانی بۆ رۆژی 12/10 رۆژی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دانرا کە وەزارەت ساڵانە ئەم یادە بیرۆزە بەبەرزی رادەگیرێت،پاشان خوێندنەوەی راپۆرتی لێژنەی بەدواداچوون باس لە رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان کرا و تیشك خرایە سەر پێشێلکارییەکان و چارەسەرکردنیان

# هەوڵەکان بەردەوامە

## بۆ بەجیهانیکردنی جینۆسایدی کوردان

سەر لەبەیانی رۆژی 2007/9/11 لەدیوانی وەزارەت بەڕێز د0شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز د0دیندار زێباری رێکخەری حکومەتی هەرێم لەگەڵ UN کرد0 لەم دیدارەدا کە سەعاتێکی خایاند جەختیان لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ و رۆڵی UN کردەوە لەمەڕ بەرزکردنەوەی ئاستی کارەکانیان بەتایبەت لە هەرێمی کوردستاندا000

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا دوو تەوەری سەرەکی باسی لێوە کرا ئەویش دەرچوونی بڕیاری 1770 کە تایبەتە بە چالاککردنی رێکخراوی UN و هەردوو لاش کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە دەکرێ ئەم رێکخراوە جیهانییە کاریگەرییەکانی خۆی زێتر بکات بۆ زامنی مافەکان و تێڕوانینیان بە چاوێکی دبلۆماسیانە بۆ ئەم دەڤەرە بەتایبەت کە دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە وا چاوەڕوان دەکرێ رۆڵی UN گەورەتر ببینرێ بەتایبەت لەو بارەگایەی کە لە هەولێر هەیانە0

لەتەوەرێکی تری ئەم دانیشتنە وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند:

لەهەوڵداین لە رێگای رێکخراوی( UN)ەوە ئەو بڕیارەی دادگای باڵای عێراقی کە تاوانی ئەنفالی دەرهەق بەگەلی کورد بەجینۆساید ناوزەندکرد بیگەیەنینە هەموو دونیا تا شەرعیەتی جینۆسایدی کورد ببێتە بڕیارێکی جیهانی0

# پاراستنی مافی ڕۆژنامەنووسان

ڕۆژی 2007/11/4 بەڕێز د.شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە وەفدێکی کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان لە ئەمریکا کرد کە پێکهاتبوو لە (روبرت ماهونی) جێگری بەڕێوەبردنی ئەم کۆمیتەیەو (جول کامپاگنا) ڕێکخەری کۆمیتەکە.

لە کۆبوونەوەیەکی هەردوولادا تیشك خرایە سەر ڕۆلی ڕۆژنامەنووسان کە چەند بەهیلاکیەوە دەگەنە ئەوەی کە هەواڵەکان بگەیەننە خەڵك و زۆرجاریش تووشی مردن و نزیك بوونەوە لەمەرگ دەبن.

هەردوولا کۆکبوون کە دەبێ بەڕێز و ستایشەوە بڕوانرێتە ئەم ڕۆڵە و هەمیشە پاریزگاری لە ڕۆژنامەنووسان بکرێ و مافەکانیان پێشێلنەکرێ کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا لە زۆر شوێنی دنیادا ئەم ڕەفتارەیان دەرهەق دەکرێ.

هەر لەم دیدارەدا ئاماژە بەوەدرا کە دەبێ وەزارەتی مافی مرۆڤ وەکو لایەنێکی گرنگ لەم بوارەدا پشتگیری لە داوا ڕەواکانی ڕۆژنامەنووسان بکات و ڕێگای هەموو پێشێلکارییەك بگرێ کە بەرامبەریان ئەنجامدەدرێ.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتی ئەوەی کردەوە کە وەزارەت دژی هەموو پێشێلکارییەکە ئەگەر لەچوارچێوەی یاسادا تێپەڕی و ڕاشیگەیاندا:

کە دەبێ بیر و ڕای ئازاد لە هەرێمی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشە بکات، بەمەرجێك ئەم دەربڕینە ئازادانە دربڕینی و بنیاتنەربن نەك ناوبانگ زەڕاندن و دووربێت لە عورف و پیرۆزی ڕاگەیاندن.

لە کۆتایی دیدارەکەشدا هەردوولا جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە چەند ڕێژەی پێشێلکاری کەمبکرێتەوە ئەوەندە زیاتر بنیاتی دیموکراسیەت و مەدەنیەت دەنرێ.

# وەزیری مافی مرۆڤ لەگەڵ
# وەفدێکی کەمپینی ژنان و ئافرەتان
# کۆبۆوە....

بۆ زیاتر باسکردن و دۆزینەوەی ڕێگا چارەکان و بەرگرتن لە توندوتیژی دژی ژنان، ڕۆژی 2007/11/7 بەڕێز د.شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە وەفدێکی کەمپینی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان کرد کە نوێنەرایەتی (30) ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی–یان دەکرد.

لەسەرەتای دیدارەکەدا کە خاتوو تاڤگە عمر رشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ ئامادەیبوو خاتوو (نێرگز عبدالرزاق) وەك نوێنەری کەمپینەکە باسی لە کاروچالاکیەکانی ئەم کەمپینەی کرد بەتایبەت خستنەڕووی کێشەی ئازادی سنووردارکردنی ژنان لە سەفەرکردن و کارکردن بۆ سزادانی ئەو تاوانبارانەی کە تاوانی کوشتنی ئافرەتیان لە ئەستۆیە و ئەم دیاردەیەشیان هەمیشە بە خەتەرێك بۆ سەر ئاسایشی وڵات وەسفکرد...

سەرەڕای بەستنی کۆنفرانسێکی فراوان لەسەر هەمان مەسەلە لە سلێمانی و سازدانی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان.

لەتەوەرێکی دیکەدا خاتوو (نێرگز عبدالرزاق) بۆ وەزیری مافی مرۆڤی ڕوونکردەوە کە ئەم کەمپینە کاردەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی توندوتۆڵ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو ڕەفتارانەی کە دژی مرۆڤایەتی ئافرەت دەکرێ.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ باسی لەو چالاکی و هەوڵ و کۆشش و دانانی بەرنامەی تۆکمەی وەزارەتی کرد کە لەمبوارەدا نواندراوە و کاری بۆ دەکرێ و بەبەردەوامیش بەدواداچوون و لێپێچینەوەی لەسەر دەکرێ... باسیشی لەو لێژنەیە کرد کە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان تیایدا ئەندامن و وەزارەتی مافی مرۆڤ سەرۆکایەتی دەکات و ئێستاکەش ژمارەیەك کۆبوونەوەی کردووە و ئەنجامی باشی بەدەستداوە و کاری مەیدانی بۆ ئەنجامدراوە و واشدەرکەوتووە کە ڕێژەی ئەم توندوتیژییە بەرەو کەمبوونەوە دەچێ...

هەردوولاش جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت ڕاگەیاندن ڕۆڵی چاك بگێڕێ بۆ سەرخستنی بەرنامەکانی ئەم کەمپینە و کاریگەری و کارەکانی ڕێکخراوەکان لێك جیابکاتەوە.

جارێکی تریش د.شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ بۆ وەفدی میوانی دووپات کردەوە بەپێی توانا ئامادەی هەموو هاریکارییەکیانە و داواشیکرد کە پەیوەندییەکان زیاتر بکرێ بۆئەوەی بەبەردەوامی کار بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە بکرێ.

شایانی باسە ئەم کەمپینە لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی بوونی هەیە و لە مانگی نیسانی 2007 دامەزراون.

## بڕیاره كۆنفرانسی جیهانی

## لەبارەی توندوتیژی ساز بدریٚ000

سەر لەبەیانی رۆژی 2007/10/24 بەڕێز د0یوسف مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت سەرپەرشتی كۆبوونەوەی لێژنەی بەداوداچوونی كارەكانی توندوتیژی دژی ژنانی كرد كە لەم بەڕێزانە پێكهاتبوو د0جنان قاسم وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ژنان و ئافرەتان،جورج منصور وەزیری هەرێم بۆ كۆمەڵگای مەدەنی،كاك مهدی (دیار) نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران0لەم كۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا كار بۆ دانانی بەرنامەی گرێدانی كۆنفرانسێك لەسەر كارەكانی توندوتیژی دژی ژنان لە رۆژی 2007/11/25 كە رۆژی جیهانی بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژیە لەم كۆبوونەوەیەدا بەرنامەی كارەكان و خۆئامادەكردن بۆ ئەم كۆنفرانسە تاوتویٚ كران0بڕیاردرا كۆبوونەوەكان بەردەوام بێت و چەندین كەسایەتی جیهانی و ناوخۆی بەشداری تێدا بكەن و راپۆرتی لێژنەی بەدواداچوونی كارەكان بخوێندرێتەوە و چەندین توێژینەوە باسی لێوە بكرێت و باس لەوەشكرا كە خەڵات بدرێت بە چالاكترین كەسایەتی یاخود رێكخراو كە لە بواری ژنان و ئافرەتان كاریان كردووە0

# وەزیری مافی مرۆڤ

# پێشوازی لە وەفدێکی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان کرد

بەمەبەستی بایەخدان بە چالاکیەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەمەڕ بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان و رۆلی رێکخراوەکانی ژنان لەم بوارەدا سەرلەبەیانی رۆژی 2007/10/10 لە دیوانی وەزارەت د0شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە وەفدێکی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان کرد0

لەم دیدارەدا کە خاتوو تاڤگە عمر رشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت ئامادەیبوو، باس لە دەرەنجامەکانی رەوشی ژنان و ئافرەتان و رۆلی رێکخراوەکانی مەدەنی و ژنان و ئافرەتان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کرا کە دەبێت لەم مەیدانەدا هەموو توانایەکی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ئەم دیارەدەیە بەرەو کەمبوونەوە و نەمان بچێ0

لەم رووەوە کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان رایانگەیاند کە پرۆژەیەکیان لەمەڕ توندوتیژی دژی ژنان داوەتە پەرلەمان کە ناوەڕۆکەکەی زیاتر ئەوە دەگرێتەوە ئەم دیاردەیە چەند ترسناکە و پێویستە چاکسازی بۆ بکرێ و رێگا چارەی بۆ بدۆزرێتەوە000

لە تەوەرێکی دیکەی ئەم دیدارەدا باس لە بەشداریکردنی رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان کرا لەم لیژنەیەی کە بەم دواییە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دامەزرا بۆ ئەو مەبەستە و تا ئێستاکە چەند کۆبوونەوەیەکی کردووە و ئەنجامەکانیش بەوە گەیشتووە کە لە هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هەولێر و سلێمانی پۆلیس بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بۆ ئەم بەرەنگاربوونەوەیە دامەزرا و کاری جیدیانە بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە دەکات0

هەر لەم رووەوە وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند:

دەبێ هاوکارییەکی تەواو هەبێت لە نێوانی حکومەت و رێکخراو و لایەنەکانی پەیوەندیدار راستەوخۆیان بەم رەوشەوە هەیە، بۆیە پێویستە هەرچی زووە هەوڵەکانمان یەکبخەین بۆ کارکردن لەم پێناوەدا و تێکەڵبوون لەگەڵ باروکێشەی ژنان و ئافرەتان زیاتر کارەکانمان ئاسانتر دەکاتەوە، چونکە لە نزیکەوە دەچینە ناو چارەسەرییەکان0

شایانی باسە کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان لە ساڵی (1952)ەوە دامەزراوەو بەنیازیشن لە ئایندەدا کۆنگرەی داهاتووی خۆیان ببەستن و وەزیری مافی مرۆڤ-یش بەڵێنی پێدان کە بەپێی توانا یارمەتیان بدات0

## وەزارەت

## ئێوارە خوانێك بۆ زیندانیانی سلێمانی سازدەكا و

## گوندی ( هەنارە )ی هەولێر بەسەر دەكاتەوە....

بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكانی هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و كار و كاروباری كۆمەلآیەتی وەزارەتی مافی مرۆڤ ئێوارە خوانێكی رۆژو شكاندنی بە هاوكاری بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی ساز كرد.

لەم ئێوارە خوانەدا كە لە بەشی ژنان (16) بەندی و لە بەشی منالآن (26) بەندی و لە بەشی نەوجەوانان (16) كەس ئامادەبوون... لەكاتی رێوشوێنی ئەم مەراسیمە بەشداران هیوایان خواست كە دیاردەی چاكسازی هەموو لایەك بگرێتەوە و هەرچی زووە بەندییەكان ئازاد ببن و سەرلەنوێ ژیانێكی نوێ دەستپێبكەنەوە و ببنە ئەندامێكی كارامەی كۆمەلگە.

هەر دوێنێ بەشی مندالّ و ژنان لە دیوانی وەزارەت سەردانی گوندی (هەنارە)ی دەڤەری هەولێر-یان كرد و وێڕای بەسەركردنەوەی باری ژیانی ژنان و مندالآن لەم گوندە بەبۆنەی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە بەناوی وەزارەتەوە دیاری بەسەر سەرجەم مندالآنی گوندەكە دابەشكرا... هەروەها لە كۆڕێكی جەماوەریدا باس لە پاراستنی مافەكانی ژنان و مندالآن كرا و بنەماكانی مافی مرۆڤ-یان بۆ روونكرایەوە كە بریتیە لە مافەكانی تاك و چۆنیەتی مامەلەكردنیان لەگەلّیا، كە دیارە ئەمەش لە كاتی جێبەجێكردنی كێشەكان كەمدەكاتەوە و مافەكان زیاتر دەپارێزرێن.

# * بەشی بەندیخانەکان *

لە راپۆرتی هەردوو مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەمی بەشی بەندیخانەکاندا لەکاتی سەردانیکردنیاندا بۆ بەندیخانەی ناوەندی هەولێر جارێکی تریش کێشەی مانەوەی بەندکراوان بەبێ موحاکەمە کردن لە (6) مانگ زیاتر سەریهەڵداوەتەوە و کە لە راپۆرتەکانی رابردوودا باسی لێوەکراوە، بەڵام لە چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتاندا هیچ کێشەیەك لە راپۆرتەکەدا تۆمارنەکراوە.

هەروەها بەشی بەندیخانەکان لە بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە پارێزگای سلێمانی سەردانی بەندیخانەی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی کردووە و لەسەرەتادا بەشی ژنانی بەسەر کردۆتەوە ئاماژەی بەوەدا کە لەبەر کەمی ژمارەی بەندکراوەکان کارەکانی بەشێوەیەکی رێکوپێك بەڕێوە دەچێ و لەڕووی خزمەتگوزاری تەندروستیەوە وەك لە راپۆرتەکەدا هاتووە (24) سەعات کارەکانی خۆی ئەنجامدەدات و لە بواری روناکبیریشەوە چەندین کۆرس و وۆرك شۆپ و خولی فێربوونی کۆمپیوتەر و فێربوونی زمان کراوەتەوە... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی هۆڵی چاوپێکەوتن (مواجهە) بەتایبەتی لە هەردوو وەرزی زستان و هاوین جێگایەکی گونجاو و تایبەت نیە کە بەندکراوەکان لەگەڵ کەس و کاریان کۆببنەوە... نەبوونی توێژەری کۆمەڵایەتی کە بایەخێکی زۆری لە بەندیخانەدا هەیە... بەتایبەت بۆ ئەو بەندکراوانەی کە کێشەی کۆمەڵایەتیان هەیە... لەبەر کەمی ئەو دەرمانانەی بۆ بنکەی تەندروستی دابینکراوە بەشی پێویستی بەندکراوەکان ناکات.

هەر لە راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی لە بەشی نەوجەوانانداهاتووە کە کێشەی سەرەکی لەم بەشە نەبوونی گۆڕەپانی یاری و پێداویستی وەرزشیە کە تاکو ئێستا بۆی دابین نەکراوە.

بەشی پیاوانی چاکسازی ناوبراو پێکهاتووە لە (5) بەش، ئەم بەشەش وەکو بەشەکانی دیکەی ژنان و نەوجەوانان گرنگترین کێشەیان بریتیە لە:

کۆنی بیناکە و زۆری ژمارەی سزادراوان و نەبوونی هۆکارێك یاخوود میکانیزمێك بۆ بەسەر بردنی کات لە بەندیخانەکاندا.

دیاردەیەکی دیکەی لەم سەردانەی بەشی بەندیخانەکان بەدیکراوە بازرگانیکردن بە (مادده بێهۆشکەرەکان و مۆبایل) لەناو بەندکراوەکان... لە هەمووشی گرنگتر لەم بەندیخانەیە نەبوونی بەرنامەی چاکسازییە کە کاری ئەنجامدانیشی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

دەریشدەکەوێ کە چەند پێشێلکارییەك لە رووی ئەشکەنجەدانی چەند بەندکراوێك هاتبێتە کایەوە، بەڵام ئیدارەی بەندیخانە رایگەیاندوە کە لێژنەیەکی پێکهێناوە بۆ بەدواداچوون و لە ئەنجامەکەشی وەزارەت ئاگادار دەکەنەوە.

لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی کێشەی دواکەوتنی دادگایکردن دووبارە بۆتەوە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی بەدواداچوونی لە دادگادا بۆ کردووە و دەرکەوتووە پەیوەندی بە کۆمەڵێك حاڵی یاساییەوە هەیە کە دەبێتە رێگر لەبەردەم دواکەوتنی دادگایکردن لەمانە:

تەواو نەکردنی ئەوراق لە بنکەکانی پۆلیس و ئامادەنەبوونی سکالاکار و شاهێد و نەبوونی دەزگای ئاشکرا کردنی تاوان و مانەوەی بەندکراو بەبێ دادگایی بەهۆی هەبوونی زیاتر لە کێشەیەك.

لەکاتی سەردانی کردنی رۆژی 2007/9/26 گرتووخانەی چەمچەماڵ ئەوەی تێبینی کراوە (3) منداڵ کە تەمەنیان لە نێوان 8-10 ساڵان بووە لە شوێنێکی تایبەت دانرابوون جیا لە شوێنی گەورەکان، بەڵام باری ژووری بەندیەکان لەڕووی پاك و خاوێنییەوە خراپبوو... لەلایەکی دیکەوە هیچ کێشەیەك لە نیوانی ئیدارە و بەندکراوەکان بەدینەکراوە و کاریش بۆ سکالای (7) بەندرکراو کراوە کە لەلایەن نووسینگەی مافی مرۆڤی چەمچەماڵ بەدواداچوونی بۆ کراوە و رێ و شوێنی یاسایی بۆ گیراوەتە بەر... لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی گەرمیان لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی کەلار هیچ کێشەیەك نەبووە، بەڵام لە بنکەی پۆلیسی کفری کە گرتووخانەکەی تێدایە... بەندکراوەکان داوایانکردووە کە لەلایەن حکومەتەوە خواردنیان بۆ دابینبکرێ و مانگانەش تیمی تەندروستی سەردانیان بکەن....

لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی خانەقین هیچ کێشەیەك نەبووە کە ش

ایەنی باسکردن بێت بەپێی راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی گەرمیان... لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی گەرمیانیش خراپی بینایە و کۆنی بینایەکە ناگونجێ بۆ ئەوەی ببێتە گرتووخانە، چونکە زۆرجار دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشی پێست لەلای بەندکراوەکان و هەر ئەم مەسەلەیەش وایکردووە کە گۆڕپانێك نەبێت بۆ چوونە بەرهەتاوی بەندکراوەکان کە زەرورییەتێکی گرنگە بۆ باشبوونی دەروونی و تەندروستی.

لە بەندیخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور-یش هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ نەبووە کە ئاماژەی پێوەبکرێ.

لە بنکەکانی گرتن و گواستنەوەی دەڤەری شاری رانیە لە راپۆرتی نووسینگەی رانیەی مافی مرۆڤدا هاتووە کە لەبنکەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی (قەڵادزە-راپەڕین) کە دوو بنکەی سەر بە قەزای قەڵادزەن لە رووی بیناوە شوێنی دەستەبەسەراگرتنی گونجاو نیە، جگە لە نەبوونی هیچ جێگەیەك بۆ راگیراوی (منداڵ و ژن) و نەبوونی خزمەتگوزاری.

لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی ئاساشی قەزای قەڵادزە شوینێکی تایبەت نیە بۆ راگرتنی راگیراوەکان و تەنها ژوورێکە و بەس و هەروەها نەبوونی خزمەتگوزاری بەگشتی، بەپێی قسەی لایەنی پەیوەندیداریش هیچ نەسرییەیەك نیە بۆ یارمەتیدانی راگیراوەکانی ئەم بنکەیە.

لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی ناحیەی (ژاراوە)ش ژوورێکی تایبەت کراوە بۆ راگرتنی راگیراوەکان، بەڵام جێگای راگرتنی منداڵ و ژنانی تێدا نیە و کاتێ راگیراوێکی ژنان یان منداڵ دێتە ئەم بنکەیە رەوانەی شوێنی دیکە دەکرێن.

لە بنکەی پۆلیسی ناحیەی سەنگەسەریش تەنها ژوورێك بۆ راگیراوەکان تەرخانکراوە و لەبەر نزمی سەقفی ژوورەکەش ناتونرێ پانکەش دابنرێ... لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی کێوە رەش لە قەزای رانیەدا شوێنی راگیراوی ئافرەت و منداڵ نیە لە حاڵەتی ئەوەی ئەگەر راگیراوێکی ئافرەت هەبێت لەسەر بانی بنکەکە لە ژوورێکی پۆلیس بەند دەکرێ, هەروەها نەبوونی ئامێری ساردکردنەوە و گەرمکردنەوە لە هەردوو وەرزی هاوین و زستاندا کێشەیەکی دیکەیە.

بەڵام بنکەی گرتن و گواستنەوەی چوارقوڕنە بینایەی تایبەتیشی نیە تاکو جێگایەکی رێکوپێك و بێکەم و کوڕی بۆ راگیراوەکان دابین بکات... لەکاتی سەردانەکانیشمان بۆ ئەوێ بەڕێوەبەرایەتی ئەو بنکەیە نارەزایی دەردەبڕن و داوادەکەن لە رێگای وەزارەتی مافی مرۆڤ دەنگیان بگەیەننە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ باشکردنی بارودۆخی بنکەکە و راگیراوەکان.

هەمان کێشەی نەگونجانی بینایە و شوێنی تایبەت بە ڕاگیراوەکـان لـە بنکـەی گـرتن و گواسـتنەوەی پۆلیـسی ناحیـەکانی (حاجیاوا_بێتواتە) لەکاتی سەردانی تیمی بەندیخانەکانی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی شارۆچکەی ڕانیە دووبـارە بۆتـەوە و ڕاگیراوان هیچ گلەییان لە بەڕێوەبەرایەتی ئەم بنکەیە نیە.

لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی بەشـی بەندیخانـەکان لـە دیـوانی وەزارەت ئامـاژەی بـە ڕاپۆرتـەکانی نووسـینگەی مـافی مرۆڤـی (کۆیە)داوە و لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی بەڕێوەبەرایـەتی پـۆلیس لـەکاتی سـەردانیاندا دەریـدەخات کـە هۆکارەکـانی ڕاگەیاندن و نەبوونی بڕە پارەی تەرخانکراو و (نەسریە) نەبوونی ئاوی پاکی خواردنەوە کە تـا ئێـستاکە نـەتوانراوە بـۆ ئـەم بنکەیە دابینکرێ و ئەم ئاوەی بەکاردێ بۆ خوادرنەوە لەرووی تەندروستیەوە گونجاو نیە.

هەروەها لەم بنکەیە توێژەری کۆمەڵایەتی نیە و ئامێری سارد کەرەوە و گەرم کـەرەوە لـە ژووری ڕاگیراوەکانـدا نیـە، بـەڵام لەرووی رەفتاری بەڕێوەبەرایەتی بنکەکە هیچ رەخنەیەك لەلایەن بەندییەکان نەهاتە ئارایێ.

لە بەندیخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژهەلاتی هەولێر لە (کۆیە)ش لەکاتی سەردانی ئەم تیمە (11) بەندکراوی لێبووە کە بەتۆمەتی دزی گیرابوون و چواری دیکەش بە بڕیاری ئاسایشی گشتی سلێمانی گیرابـوون ئامـاژە بـەوە دەدەن کـە ئـەم شوێنەی کراوەتە بەندیخانە لە رووی تەندروستیەوە شوێنێکی گونجاو نیە و هیچ سەرچـاوەیەکی ڕاگەیانـدن وەك سـەتەلایت و ڕۆژنامە ناگاتە بەندرکاوەکان و نەبوونی ئامێری فێنکی و گەرمی و پێخـەفی تایبـەت بـۆ بەندییـەکان و نـەبوونی شـوێنی وەرزش و نەبوونی توێژەری کۆمەلایەتی... بەڵام لەرووی خواردن و رەفتاری کارمەندانی بەندیخانەکـە و ئـاو و کارەبـا هـیچ رەخنیەك نەبووە.

لە دەڤەری سۆران-یش نوسینگەی مافی مرۆڤی سۆران لە ڕاپۆرتەکەیدا هاتووە کە سەرباری ئەوەی لە بەندیخانەی ئاسایـشی سۆران لەلایەن خزمەتگوزارییەکان کەموکوڕی نیە، بەڵام بینای بەندیخانەکە زۆر کۆنە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە, لە گرتووخانەی بنکەی پۆلیسی سۆران-یش سەرەڕای ئەوەی چەندین جار ئەم بنکەیە ئاگادارکراوەتەوە کە ڕایەخ و کەل و پـەلی نووستن نیە، بەڵام تاکو ئێستاکە وەکو خۆی ماوەتەوە.

لە ڕاپۆرتێکی دیکەی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە شارۆچکەی ئاکرێ لـە کـاتی سـەردانیان بـۆ بەندیخانـەی بەڕێوەبەرایـەتی ئاسایشی قەزای ئاکرێ (3) بەندکراوی تێدابووە کە بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکراون و ئاماژەشی بۆ هیچ کێشە و سکاڵایەك ناکات، بەڵام لەکاتی گفتوگۆ کردن لەگەڵ ڕاگیراوەکاندا ئاماژە بەوەدرا کە داواکاری گشتی سەر بـە دادگـای (بـەردە ڕەش) سەردانی ئەم بەندیخانەیە ناکات بۆ ئەم مەبەستەش نووسینگەی ئاکرێ نووسراوێکی ئاراسـتەی دادگـای بـەردە ڕەشـی کـرد بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی.

هەر لەم ڕوانگەیەوە چەند سکاڵایەك لەلایەن گیراوەکان گەیشتۆتە نووسینگەی ئاکرێ لە دژی جێگرایـەتی ئاسایـشی بـەردە ڕەش، (بەڵام ئاماژەی بەم سکاڵایانە نەداوە) بۆ ئەم مەبەستە نووسینگەی ناوبراو سەردانی قەزای بەردە ڕەشی کردو لەگـەڵ ئاسایشی ئەوێ کۆبۆوە و داوای کرد کە دەبێت بنەمای پاراستنی مافی مرۆڤ بەرامبەر بە زیندانیان بپارێزرێ.

لە چەند سکللاّیەکی دیکەدا لە بۆ هەمان نووسینگە هاتووە کە رەفتاری ئەشکەنجەدان لەلایەن بنکەی پۆلیسی گولاّن جێبەجێدەکرێت بۆ ئەم مەبەستە لە رێکەوتی 2007/10/15 نووسینگەی ئاکرێ سەردانی بنکەی ناوبراوی کردووە و ئەم مەسەلەیەی لەگەلّدا باسکردووە ودووپاتیشی کردۆتەوە کە کاری ئەشکەنجەدان پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤە.

لە بەندیخانەی سنووری نووسینگەی مافی مرۆڤی دهۆك-یش بەپێی ئەم راپۆرتەی رەوانەی بەشی بەندیخانەکانی دیوانی وەزارەت کراوە رەوشی پاك و خاوێنی لە (چاکسازی پیاوان و ئافرەتان و نەوجەوانان) بەباشی وەسفدەکات تەنها لە چاکسازی پیاوان لەرووی دابینکردنی کەلوپەلی تایبەت بەبەندیخانەکەکەموکورتی هەیە.

لەلایەکی دیکەوە نووسینگەی نابراو سەردانێکی بۆ بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆك کردووە دەرکەوتووە کە یەکێك لە گرتووەکان کە تلیاك خۆربووە خۆی خنکاندووە و ئەم رووداوەش لە ژێر لێکۆلّینەوەدایە.

ئەوی ماوە لە راپۆرتەکەدا کە بەشی بەندیخانەکان بۆ هەردوو مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەم ئامادەکردووە ژمارەی گشتی بەندکراوەکان بە حوکمدرا و راگیراوەکان لەم دوومانگەدا ژمارەیان گەیشتۆتە (2556) بەندکراو، لەگەلّ ئەم راپۆرتەش ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەم بخوێنەوە.

# ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی ( ئەیلول 2007 )

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | 231 | 234 |
| 2 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 310 |
| 3 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی دهۆك | 246 | 119 |
| 4 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی ئاکرێ | - | 39 |

چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی گیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | 6 | 31 |
| 2 | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | 15 | 15 |
| 3 | فەرماندەی چاککردنی کۆمەڵایەتی سلێمانی | 393 | - |
| 5 | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | 4 | 9 |
| 6 | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | 10 | 10 |

| ژ | بەندیخانەی ئاسایش | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی گیراوەکان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی / هەولێر | - | 248 |
| | ئاسایشی گشتی / سلێمانی | - | 337 |
| | ئاسایشی ئاکری | - | 3 |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 905 | 1355 |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | 2260 | |

تێبینی: ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نیە

هۆبەی بەندیخانەکان

# ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی 2007/10

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی گیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | فەرمانده‌ی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | 236 | 244 |
| 2 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 323 |
| 3 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی دهۆك | 267 | 97 |
| 4 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی ئاکرێ | - | 39 |

چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی گیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | 6 | 40 |
| 2 | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | 15 | 20 |
| 3 | فەرماندەی چاککردنی کۆمەڵایەتی سلێمانی | 413 | - |
| 5 | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | 7 | 7 |
| 6 | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | 10 | 6 |

بەندیخانەکانی ئاسایش

| ژ | ناوی بەندیخانەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی گیراوەکان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی(سلیمانی) | - | 602 |
| | ئاسایشی گشتی(هەولیر) | - | 224 |
| | ئاسایشی ئاکری | - | - |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 954 | 1602 |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | | 2556 |

هۆبەی بەندیخانەکان

# * بەشی سکالاّ *

لە بەشی سکالاّدا لەماوەی هـەردوو مـانگی ئـەیلول و تـشرینی یەکـەمی/2007/دا (6) سـکالاّ گەیـشتۆتە ئـەم بەشـە ئەویشیان لەلایەن خودی هاولاّتیانەوە کە خۆیان سەردانی وەزارەتیان کردووە یان بە نووسـراو لـە سـەندوقی سـکالاّ کـە لـە شارۆچکەکانی کوردستان دانراوە... لەگەلّ گەیشتنی هەر سکالاّیەك وەلاّم دراوەتەوە بە نووسراوی خەرجی یان بە تەلەفۆن و یان سەردانی شوێنی مەبەست کراوە و بەدواداچوونی بۆکراوە لەمانەش (34) سکالاّ راسـتەخۆ هاتۆتـە بەشـی سـکالاّ لـە دیوانی وەزارەت و (18) سکالاّ لە بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی و (13) سکالاّ لە بەڕێوەبەرایـەتی نووسـینگەی چەمچەمالّ و هەرەیەك لە نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتی دهۆك و رانیە و گەرمیان (1) سکالاّیان بۆ هـاتووە و کێـشەکانیش بریتین لـە کێـشەی زینـدانی و کۆمەلاّیـەتی و خوێنـدن و زەوی و کرێـچێتی و نـەخۆش و وون بـوون و کێـشەی یاسـایی و خانەنشین...

لەگەلّ ئەم راپۆرتەدا خشتەی سکالاّکانیشیان دەخەینە بەرچاو بەشێوەیەکی روونتر...

## لە ئە نجامی دوو چالاکی بەشی سکالاّ:

1-( خەرج کردنی مووچەی خانەنشینی بۆ فەرمانبەرە حوکمدراوەکان):

سەبارەت بە پێشنیاریان کە بە نووسراوی ژمارە 979 لە رێکەوتی 7\6\2007 بۆ دابین کردنی مووچە بـۆ فەرمانبـەرە بەندکراوەکان, کە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیـران یـان کردبـووە. ئەنجوومـەن بـە نووسـراوی ژمـارە 8154 لـە رێکـەوتی 17\7\2007 وەلاّمی دانەوە کەوا بۆ ئەم جۆرە حالەتانە دەبێت بە پێی یاسای خانە نشینی مامەلّەیان لەگەلّ دا بکرێ.

پشت بەو نووسراوە لە رێکەوتی 6\9\2007 سەردانی بەرێوەبەرایەتی خانەنشینی هـەولێریان کـردوە لەگـەلّ بەرێوەبـەری گشتی ناوبراودا گفتوگۆیان لە سەر بابەتەکە کردووە.

بـە نووسـراویان ژمـارە 1813 لـە رێکـەوتی 8\10\2007 رێنماییـەکانی مامەلّـەی خانەنـشین کردنـی فەرمانبـەر حوکمدراوەکان یان نارد بۆ گشت بەرێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی مافی مرۆڤ.

2-(رەزامەندی وەزارەتی تەندروستی لە سەر پێشنیاریان بە کردنەوەی نەخۆسخانەیەك بـۆ نەخۆشـیە دەرونییـەکانی ژنـانی کوردستان):

نووسراویان ژمارە 1\6\1434 لە رێکەوتی 8\8\2007 کە ئاراسـتەی وەزارەتـی تەندروسـتیان کردبـوو بـە مەبەسـتی کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی نەخۆشیە عەقلی و دەروونییـەکان بـۆ ژنـانی کوردسـتان. لـە ئەنجامـدا وەزارەتـی تەندروسـتی بنکەیەکی بۆ نەخۆشییە دەروونییەکانی ژنان کردەوە لە هەولێر بە ناوی (بنکەی ئاسوودە) شایانی باسـە نەخۆشـخانەکە لـە ئێستادا لە خانوویەکی کرێدایە. تا ئەو کـاتی بیناکـەی تـەواو دەبێـت کـە ئێـستا لـە جێبـەجێ کردنـدایـەو وا برِیـارە لـە 1\1\2008 تەواو بێت ئەم هەوالّەش لە ژمارە (4420) ی 12\11\2007 ی رۆژنامەی کوردستان نوێ بلاّوکرایەوە.

## خشتەی سکاڵاکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ع،م،ص | -م،ص<br>2- ف،م | کێشەی کۆمەلایەتی | 1 | کەسی مەبەست ( م،ص) هاتە وەزارەتمان وەرێنمایی یاسایی وشەرعیمان کرد بۆ چارەسەری کێشەی سکاکار. | |
| 2 | ن،ك،ف | ێ،ح،ح ،غ | کێشەی کرێچی | 1 | نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە (1909) لە 2007/10/22 ئاراستەی وەزارەتی داد /ب.گ دیوان کردووە . | |
| 3 | ن،ر،ك | ا،ج،م | پێشێلکاری مافی ئافرەت | 1 | کێشەکەی درایە بەشی (ئافرەتان ومندالان) . | |
| 4 | ش،م،گ | سە،س،م | کێشەی دەستگیرکردن | 1 | نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە (1357) لە 2007/7/29 ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر کرد . | |
| | کۆی گشتی سکاڵاکان | | | | | |

## خشتەی سکاڵاکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ،م،ح،ا | ——— | پێشلکاری | 1 | - نووسراوی ژمارە 1707 مان لەبەرواری 2007/9/13 ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکایەتی دیوان کردووە.وەنووسراویان ژمارە 1706 لە 2007/9/14 مان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کردووە .وەسەرۆکایەتیئەنجومەنی وەزیران بەنووسراوی ژمارە(11275) لە 2007/10/3 ڕەزامەندی نەدرا لەسەر ناوەرۆکی نووسراوی سەرەوەمان | |
| 2 | ج،ق،م | ——— | داوای زەوی | 1 | - نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە (1621) لە 2007/9/3 ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی/فەرمانگەی یاسا کردووە . | |
| 3 | ك،ج،ق | ——— | داواکرنی زەوی | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی /فەرمانگەی یاسا کردووە بەژمارە (1621) لە 2007/9/3 وەزارەتی شارەوانی بەنووسراویان ژمارە 14377 لە 2007/11/11ئاگاداری کردین کەلەکاتی ئێستادا زەوی ئیفزاز کراویان نیە لەسنوری شارەوانی کۆیە بۆدابەش کردن. | |
| 4 | ئە،گ،گ | ——— | کێشەی نەخۆشی | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی نەخۆشخانەی هەولێری (فێرکردن)/بەشینەخۆشەدەرونیەکان بە ژمارە(1657)لە2007/9/9 | |
| | کۆی گشتی سکاڵاکان | | | | | |

## خشتەی سکاڵاکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | ف،ح،ر | ه،ع،ص | وون بوون | 1 | - پەیوەندی کراوە بە(ئاسایشی گستی) هەولێرەوە ناوبراوان دەڵێن کەلەلای ئەوان نی یە و لیژنەی گشتی پێك هاتووە لەلایەن خۆیانەوە بۆ سۆراغ کردن. | |
| 6 | د،م،ع | ی،م،ع | کێشەی زیندانی | 1 | - نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە (1647) لە 2007/9/5 ئاراستەی بەرێوەبەرایەتیئاسایشی گشتی هەولێر کردووە | |
| 7 | ع،خ،ط | — | داواکردنی زەوی | 1 | - نووسراوی پشتگیریمان ئاراستەی پارێزگای هەولێر/بەرێوەبەرایەتی کارگێری وخۆسەتی کردووەبەژمارە 1662 لە2007/9/9 | |
| 8 | ص،ح،ع | ع،خ،ی | کێشەی دەستگیر کردن | 1 | - نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە (1807) لە 2007/10/7 ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر کرد . | |
| 9 | م،م،ح | ف،م،م | دیاری کردنی چارەنووس (وون بوون) | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر کردووە بۆدیاری کردنی چارەنووسی بەژمارە(1809) لە رێکەوتی 2007/10/7 | |
| | کۆی گشتی سکالاکان | | | | | |

## خشتەی سکالاکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 10 | ف،ع،ق | ــــــ | کێشەی تەندروستی وئابووری | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی چاودێری خێزان کردووە بەژمارە(1703) لە رێکەوتی 2007/9/13 | |
| 11 | ك،ح ،خ | ب،ع،ا | کێشەی دەستگیرکردن | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر کردووە بەژمارە(1789) لە رێکەوتی 2007/10/3بۆ مەبەستی سەردانی کردنی دەستگیرکراو. | |
| 12 | ك،ح،خ | 1.گ،ع،ا<br>2.ف،ع،ا | کێشەی دەستگیرکردن | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر کردووە بەژمارە(1789) لە رێکەوتی 2007/10/3بۆ مەبەستی دادگایی کردنی ناوبراوان. | |
| 13 | پ،م،ع | ــــ | کێشەی خوێندن | 1 | - نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە (1748) لە 2007/7/19 ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی بالاوتوێژینەوەی زانستی /ب.گ.خوێندن وپلاندانان و بەدوا داچوون کرد. | |
| | کۆی گشتی سکالاکان | | | | | |

## خشتەی سکالأکانی مانگی 9 و10 /2007 وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالأ | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 14 | م،س،ح | ــــ | کێشەی خوێندن | 1 | - نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە (1748) لە 2007/7/19 ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی بالأوتوێژینەوەی زانستی /ب.گ.خوێندن وپلاندانان و بەدوا داچوون کرد. | |
| 15 | ش،ع،ص | ــــ | کێشەی خوێندن | 1 | - نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە (1748) لە 2007/7/19 ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی بالأوتوێژینەوەی زانستی /ب.گ.خوێندن وپلاندانان و بەدوا داچوون کرد. | |
| 16 | ن،س | ــــ | کێشەی خوێندن | 1 | - نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە (1748) لە 2007/7/19 ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی بالأوتوێژینەوەی زانستی /ب.گ.خوێندن وپلاندانان و بەدوا داچوون کرد | |
| 17 | ع،م،ا | م،ا،م | دەستگیرکردن | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر کردووە بە ژمارە (1966) لە 2007/10/30 بەمەبەستی دادگایی کردنی. | |
| | کۆی گشتی سکالأکان | | | | | |

## خشتەی سكالاًكانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| تێبینی | كاری پێویستی ئەنجام دراوە | ژمارەكان | جۆری سكالاً | ناوی كەسی مەبەست | ناوی سكالاكار | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی سندوقی چاودێری خێزان كردووە ژمارە (1952) لە2007/10/28 بە مەبەستی دابین كردنی مووچە بۆی سكالاًكار ئاگاداری كردینەوەكە كارەكەیان بۆ ئەنجام دراوە | 1 | كێشەی كۆمەلایەتی وئابووری | د،ر،ب | ا،ع،د | 22 |
| | - نووسراوی فەرمیمان بەزمانی عربی ئاراستەی وەزارەتی (حقوق الانسان) /بغداد/الدائیرە القانونیە قسم الشكاوی /كردووە بەژمارە (1663) لە 2007/9/9 بۆ مەبەستی قەرەبوكدنەوەیان. | 1 | اعتداء من قبل الارهابین فی بغداد | ـــــ | م،ف،م | 23 |
| | | | | | كۆی گشتی سكالاًكان | |

# خشتەی سکالاکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارە کان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 24 | ج،ع،ح | ش،ح،ح | کێشەی یاسایی | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی وەزارەتی داد /ب.گ دیوان کردووە بە ژمارە (1691) لە 2007/9/11 بەمەبەستی روونکردنەوەی. وە وەزارەتی ناوبراوانیش نووسراوی فەرمی ئاراستەی دادگای لێکۆڵینەی /سلێمانی کردووە بەژمارە (3263) لەرێکەوتی 2007/9/25بەمەبەستی روون کردنەوەی پێویست. وەوەزارەتی (داد) بەنووسراوی ژمارە(3630)لەرێکەوتی 2007/10/24 بۆ وەزارەتمان روونکردۆتەوە کەوا کێشەکە رێرەوی یاسایی خۆی وەرگرتووە | |
| 25 | ا،ح،م | ـــــــ | کێشەیی یاسایی | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی بەرێوەبرایەتی ئاسایشی /هەولێر کردووە بەژمارە (1693) لەرێکەوتی 2007/9/11 بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەی. | |
| | کۆی گشتی سکالاکان | | | | | |

## خشتەی سکالاٌکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالاٌ | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 26 | م،ح،ا | — | کێشەی داواکاری | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی /ب.گ.د | |
| 27 | ل،ص،ز | — | کێشەی زەوی زار | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی بەرێوەبرایەتی ئاسایشی مافی مرۆڤ کردووە بەژمارە (1739) لەرێکەوتی 2007/9/18 بۆ وەلامی سکالاکار. | |
| 28 | ج،ی،م | دوومندالّی بەناوی (ب و ف) | کێشەی تەندروستی | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی /ب.گ.د کردووە بە ژمارە 1692 لە 2007/9/11 بە مەبەستی هاوکاری کردنی دوونەخۆش (ماسی) (داء السمك) .وەزارەتی ناوبراو بەنووسینی ژمارە (11222) لە 2007/10/23 وەلامی داینەوە کەوا هاوکاری کردن تەنها بۆ نەخۆشانی (دلّ –مێشك –خوێن) دەکرێت | |
| | کۆی گشتی سکالاٌکان | | | | | |

# خشتەی سکالاکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارە کان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| 29 | م،ع،م | ـــــــ | کێشەی خانەنیشین | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر/ کردووە بەژمارە 1805 لەڕێکەوتی 7 /2007/10 بەمەبەستی خانەنیشین کردنی سکالاکار کەفەرمانبەر (حوکم دراوە) | |
| 30 | م،ج،ن | ـــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەی ناوەندی هەولێر/کردووە بە ژمارە (1911) لە 2007/10/22 بەمەبەستی ئاگاداربوون وپیشاندانی سکالاکار بەندکراو بەپزیشکی پسپۆری نەخۆشیەیە دەرونیەکان . | |
| 31 | ح،ا،ا | ـــــــ | نەبوونی جێگای نیشتەجێ بوون | 1 | - نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی پارێزگای سلێمانی کردووەبەژمارە (1910) لە 2007/10/22 بۆ مەبەستی دابین کردنی جێگایەك وهاوکاری کردنیان | |
| | کۆی گشتی سکالاکان | | | | | |

# خشتەی سکالاکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 32 | ئ،ا،ا | ـــــــ | کێشەی کۆمەلایەتی | 1 | - دابین کردنی شوێنێك بۆ (مندالّەکان له بەرێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەلایەتی (سلێمانی) بۆ ماوەی سێ رۆژ کەبەرێوەبەرایەتی ناوبراو بەبیانوی نەبوونی رەگەزنامەی کەلەلای باوکیانە دەریان کردن | ب.رانیه |
| 33 | ل،ي،ر | ـــــ | کێشەی کۆمەلایەتی | 1 | - لەپاش بەدوا داچوون کێشەکەیان لە 2007/10/7 سکالاکار ئاگاداری کردینەوە کەوا کێشەی لەنێوان ی خۆی ومێردەکەی دا (صباح صالح علی) نەماوە . | |
| 34 | غ،ا،ع | ـــ | کێشەی زیندانی | 1 | - لەرێکەوتی 2007/10/4 کێشەکەمان نارد بۆ بەشی (بەندیخانەکان ) لە وەزارەتمان بۆ کاری پێویست | |
| 35 | م ،ع،م | ـــ | کێشەی زیندانی | 1 | - لەرێکەوتی 2007/10/4کێشەکەمان نارد بۆ بەشی (بەندیخانکەکان) لەوەزارەتمان بۆکاری پێویست. | |
| | کۆی گشتی سکالاکان | | | | | |

## خشتەی سکاڵاکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارە کان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 36 | ژ،م،ع | ـــــ | کێشەی زیندانی | 1 | - نووسراوی فەرمبمان بۆ کراوە بۆ ئاسایشی گشتی سلێمانی تکوو چامان بە ندکراوەکەیان بکەوێت | ب.چەمچەماڵ |
| 37 | ر،ا،ص | ـــــ | کێشەی تەندروستی | 1 | - نووسراوی فەرمیمان بۆ کراوە بۆ (کۆمەڵەی رۆژ) لە چەمچەماڵ بۆ ئەوەی (ماتور سکلی) کەم ئەندامانی پێ بدرێت . | ب.چەمچەماڵ |
| 38 | ن، ع،ع | ـــ | کێشەی تەندروستی | 1 | - نووسراوی فەرمی بۆ کراوە بۆ (قایمقامیەتی) چەمچەماڵ بۆ چارە سەرکردنی کێشەکەی . | ب.چەمچەماڵ |
| 39 | ت،م،ع | ـــ | کێشەی یاسایی | 1 | - نووسراوی فەرمی بۆ کراوە بۆ ئاسایشی چەمچەماڵ بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ بکەن تاکو رەگەزنامەی عیّاقی بۆ بکرێت بۆ منداڵەکەی دەربکرێت | ب.چەمچەماڵ |
| | کۆی گشتی سکاڵاکان | | | | | |

## خشتەی سکالاٌکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالاٌ | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 40 | ا،ن،ا | — | کێشەی زیندانی | 1 | - بەدوا داچوونی بۆ کێشەکەی کراوە لە دادگای چەمچەماڵ پاسان دەرکەوت کەرێگەی (یاسایی) گیراوەت بەر لەگەڵ کێشەی سکالاٌکار | ب.چەمچەماڵ |
| 41 | م،ا،ن | — | کێشەی زیندانی | 1 | - بەدوا داچوونی بۆ کێشەکەی کراوە لە دادگای چەمچەماڵ پاسان دەرکەوت کەرێگەی (یاسایی) گیراوەت بەر لەگەڵ کێشەی سکالاٌکار | ب.چەمچەماڵ |
| 42 | س ،ش،ف | — | کێشەی ریندانی | 1 | - بەدوا داچوونی بۆ کێشەکەی کراوە لە دادگای چەمچەماڵ پاسان دەرکەوت کەرێگەی ( یاسایی ) گیراوەت بەر لەگەڵ کێشەی سکالاٌکار . | ب.چەمچەماڵ |
| 43 | ع،م،ا | — | کێشەی زیندانی | 1 | - بەدوا داچوونی بۆ کراوە بۆ کێشەکە کراوە لەدادگا و پۆلیسیش کەبۆچی لەچەمچەمالەوە گوازراوەتەوە بۆ دەربەندیخان | ب.چەمچەماڵ |
| | کۆی گشتی سکالاٌکان | | | | | |

## خشتەی سکالأکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارە کان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 44 | س،ب،ن | مێردەکەی | کێشەی کۆمەلایەتی | 1 | - لێکۆلینەوە لەکێشەکەی کراوە ورێنوێنی کراوە بەوەی رێگای یاساییاکان بگرێتە بەر لەدادگا | ب.چەمچەماڵ |
| 45 | س،ر،ر | ـــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | - بەدوا داچوونی بۆ کێشەکەی کراوە لە دادگای چەمچەماڵ دەرکەوت رێگەی یاساییەکان گیراوەتە بەر بۆ مامەلەکردن لەگەل کێشەکەیدا. | ب.چەمچەماڵ |
| 46 | ع،ح،ج | ـــــ | کێشەی ریندانی | 1 | - بەدوا داچوونی بۆ کێشەکەی کراوە لە دادگای چەمچەماڵ وە کێشەکەی لەژێر لێکۆلینەوەدایە . | ب.چەمچەماڵ |
| 47 | س،ع | ـــــ | کێشەی زیندانی | 1 | - بەدوا داچوونی بۆ کراوە بۆ کێشەکە کراوە تاکوو بە (کەفالەت ) بەربدرێت .ئەگەر تەنازولی بۆ کراوە | ب.چەمچەماڵ |
| | کۆی گشتی سکالأکان | | | | | |

# خشتەی سکاڵاکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 48 | ح،ع،ا | ـــــ | کێشەی زیندانی | 1 | - بەدووا چوون بۆ کێشەکەی بەردەوامە لە دادگا ولەلایەنە پەیوەندیدارەکان بەمەبەستی زانبینی هۆی بەندکردنی | ب.چەمچەماڵ |
| 49 | س،ب | ـــــ | کێشەی یاسایی | 1 | - نامەیەك نێردراوە بۆ ( مەترانی کەنیسەی) (کلدانی) لە دهۆك وە چاو پێکەوتنی لەگەڵ (دادوەری گشتی دا) سازکراوە | ن.دهۆك |
| 50 | ا،ع،ع | س،ا،ع،ع | کێشەی زیندانی | 1 | - پەیوەندی کراوە بەبنکەی (گرتن وگواستنەوەی سلێمانیەوە ) وەپێان راگەندراوە کە دووکێشەی هەیە یەکیان کەفالەت دەیگرێتەوە بەلاّم ئەوی تریان ناگرێتەوە | ب.سلێمانی |
| 51 | ا،خ | ب،م،ج | کێشەی زیندانی | 1 | - بەتەلەفۆن پەیوەندی کراوە بەئاسایشی سلێمانیەوە پێان راگەیاندراوە کەناوبراو لەلایان بەندەو دەتوانن ببیبنن. | ب.سلێمانی |
| | کۆی گشتی سکاڵاکان | | | | | |

# خشتەی سکالاَکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالاَ | ژمارە کان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 52 | پ،ع | ه،ع،ا | کێشەی زیندانی | 1 | - نووسراوی بۆ کراوە بۆ بەرێوەبەریەتی (ئاسایشی هەرێم) بە ژمارە 1107 لەبەرواری 2007/9/12 بەمەبەستی دیاری کردنی چارەنووسی ناوبراو بەلاَم تائێستا وەلاَمی نی یە. | ب.سلێمانی |
| 53 | گ،ی | و،ح،ا | کێشەی زیندانی | 1 | - نووسراوی بۆ کراوە بۆ بەرێوەبەریەتی بە ژمارە 1108 لەبەرواری 2007/9/12 بەمەبەستی دیاری کردنی چارەنووسی ناوبراو بەلاَم تائێستا وەلاَمی نی یە | ب.سلێمانی |
| 54 | ه،ا،م | ا،ه | کێشەی کۆمەلایەتی | 1 | - سەردانی مەکتەبی پەیوەندیەکان دەرەوەی (ی.ن.ك) مان کرد چوینە لای بەرێز(شەماڵ عبدالوفا ) پاشان (کاك سەرکۆ حمید) کاری پێویستی بۆ ئەنجام داین لەبەرواری 2007/9/10 | ب.سلێمانی |
| 55 | ج،ع،ع | —— | کێشەی زیندانی | 1 | - پاش گەران و لێکۆلینەوە دەرکەوت کەپێشتر لێبوردنی تر گرتوویەتیەوە بۆیە ئەم لێبوردنە نایگرێتەوە. | ب.سلێمانی |
| | کۆی گشتی سکالاَکان | | | | | |

## خشتەی سکالاكانی مانگی 9 و10 /2007 وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| 56 | ر،ف،ح | ــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | - دوای گفتو گۆ کردن لەگەڵ بەشی کۆمەلآیەتی گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەسلوکی باشی نی یە و(حجری) هەیە بۆیە ئازادکردنی دواکەوتووە. | ب.سلێمانی |
| 57 | ش،م،م | ــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | - دوای لێکۆلینەوە و بەدواداچوون لەسەر داواکەی بۆ لێبوردن کەنایگرێتەوە دەرکەوت کەوا تەنازولی نی یە بۆیە حوکمەکەی لە(اعدامەوە) نەگۆرا بۆ (حوکمی مؤبد) | ب.سلێمانی |
| 58 | ز،ر،ف | ــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | - داواکاربوو بزانێت بۆ لێبوردن نایگرێتەوە دوای لێکۆلینەوە دەرکەوت کەپێشتر دووجار سوودمەند بووە بەلێبوردنی تر. | ب.سلێمانی |
| 59 | خ،م،ا | ــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | - داواکاربوو بزانێت بۆ لێبوردن نایگرێتەوە دوای لێکۆلینەوە دەرکەوت کەپێشتر دووجار سوودمەند بووە بەلێبوردنی تر. | ب.سلێمانی |
| 60 | خ،ر،ص | ــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | - داوای کردبوو کەبۆ حوکمی (اعدامەکەی)سووك ناکرێتەوە بەم لێبوردنە گشتی یەی داوی پاش گفتوگۆ کردن دەرکەوت (تەنازولی) نی یە بۆ حوکمەکەی ناگۆرێت. | ب.سلێمانی |
| | کۆی گشتی سکالاکان | | | | | |

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 61 | ن،ع،ح،ع | —— | کێشەی زیندانی | 1 | - لەبەر ئەوەی لێبوردن نایگرێتەوە چەنکە لێبوردنی پێشتر گرتوویەتیەوە بەرێژەی (50 / ) . | ب.سلێمانی |
| 62 | ه،و،ع | —— | کێشەی زیندانی | 1 | - لەبەر ئەوەی دوو حوکمی (اعدامی ) هەیە لێبوردن نەیگرتۆتەوە | ب.سلێمانی |
| 63 | ر،و،ع | —— | کێشەی زیندانی | 1 | | |
| 64 | ع،ر،ع | —— | کێشەی زیندانی | 1 | -لەبەر ئەوەی دوو حوکمی (اعدامی ) هەیە لێبوردن نەیگرتۆتەوە | ب.سلێمانی |
| 65 | ه،ی،ع | —— | کێشەی زیندانی | 1 | - کێشەکەی دراوەتە بەشی (ژنان ومندالاَن) چونکە پەیوەندی بە (ژنان ومندالاَن ) هەبوو.<br>- خۆی مووچەی هەبووە بەلاَم لەکاتی گرتنیدا ئەم مووچانەیان بۆ نەکردبوو سەردانی (بەرێوەبەرایەتی شەهیدان) کرا کارەکەیان بۆ جێ بەجێ کرد لەلایەن بەرێوەبەرایەتی سلێمانیەوە.. | ب.سلێمانی |
| | کۆی گشتی سکالاکان | | | | | |

# خشتەی سکاڵاکانی مانگی 9 و10 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 66 | ت،ع،ح | ـــــ | کێشەی زیندانی | 1 | - لەدوای سەردانی بەرێوەبەرایەتی سلێمانی مافی مرۆڤ بۆ بەرێوەبەرایەتی شەهیدان و کارەباری ئەنفال کراوەکان لە 2007/10/1 پێیان راگەیاندرا کەدەبێ براکەی سەردانی بەرێوەبەرایەتی ناوبراو بکات تاك بەر ێگای یاسایی کارەکەی بۆ جێ بەجێ بکرێت | ب.سلێمانی |
| 67 | م،ص،ش | م،م،ص | کێشەی زیندانی | 1 | - پەیوەندی (بەرێکخراوی خاچی سووری نێو دەولەتی ) هەیە لەبەر ئەوەی لەناوچەکانی (باشوور و ناوەراست) بارەگایان هەیە. | ب.سلێمانی |
| 68 | ژ،ع،م | باوکی منداڵەکانی | کێشەیی یاسایی | 1 | - نووسینگەی (کفری) بەپەیوەندی کردن لەگەڵ (دادگا وپۆلیس) فەرمانی دەستگیرکردنی باوکی منداڵکانی دا لەبەرئەوەی ئەونەفەقەی کەدادوەر بۆ سکالاکار دانابوو نەی دا دوای ئەم بڕیارە باوکی منداڵەکانی نەفەقەی (9)ی دابە سکالاکار | ن.کفری |
| | کۆی گشتی سکالاکان | | | | | |

# * بەشی منداڵ و ئافرەت *

لــەماوەی هــەردوو مــانگی ئــەیلول و تــشرینی یەکــەم بەشــی منــاڵ و ئــافرەت لــە دیــوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایــەتی و نووسینگەکانی شاروشارۆچکەکان بەپێی پرۆگرامێکی کارکردن ژمارەیەك چالاکیان ئەنجامداوە لەمانە:

تیمی گوندەکان لە دیوانی وەزارەت سەردانی گوندەکانی دەوروبەریان کردو وێڕای باسـکردنی بنــەماکانی مــافی مــرۆڤ لــەم گوندانە و ئاشناکردنی پێیانەوە دیارییان بەسەر منداڵاندا دابەشکردووە.

هەروەها سەردانی چاکسازی ژنان بۆ بەدواداچوونی هەندێ لــەم کێــشانەی کــە رووبــەڕووی ژنــە زیندانیــەکان دەبنــەوە یــان گوێگرتن لە کێشەو داواو پێشنیارەکانیان...

بەشی منداڵ و ئافرەت لەم ماوەی ئەم دوو مانگەدا بەشداری لە خولی راهێنانی راهێنەران لە بواری بــەڕێوەبردنی سەرچــاوە مرۆییەکان کرد کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە رێکخرابوو... بەشداریکردنیان لە سیمینیاری (ئافرەت لە ئاینی ئیسلام)دا کە لەلایەن رێکخراوی RTI ئامادەکرابوو...

سەردانیکردنیان بۆ پارێزگای دهۆك بەمەبەستی پێزانینی کارەکانی بنکــەی (بەرهــەڤکرنا و ئامادەکردنــا ئــافرەت) تــا لــە نزیکەوە شارەزاییان لەسەر کارەکانیان هەبێت.

لە راپۆرتەکەی نووسینگەی چەمچەماڵ-یش داواکراوە لەو رێکخراوانەی کە چالاکن لە بوارەکانی مافی مرۆڤ پرۆژەی گونجاو پێشکەشبکەن بۆ کردنەوەی خول و وۆرکشۆپی تایبەت لە بوارەکانی ژنان تا بە هاوبەشی هەردوولادا ئەنجامبدرێ...

هەر لە نووسینگەی چەمچەماڵ تیمێکی تایبەت سەردانی هەردوو گوندی (کوڵەبان و قۆچەلی)یان کرد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشی مافەکانی منداڵ و ژنان بن.

هەر بۆ ئەم مەبەستە نووسینگەی زاخۆ سەردانی گوندەکانی (لیڤۆ، میران، قەرەولا)یان کردوە و لە چالاکیەکانی دیکەشــیان بەدواداچوونیان بۆ کێشەی ژنێك کردووە کە (7) ساڵە هاوسەرکەی پشتگوێی خستووە.

لە بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی رانیە-دا بۆ لێپێچینەوە لە کێشەی دابینکردنی جێگای حەوانەوە بۆ چەند مناڵێکی بێنــەوا بۆ ئەم مەبەستە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کچانی سلێمانیان کردووە، بۆ هەمان مەبەست سەردانی بەڕێوەبەرایــەتی چاودێری کچانی کۆمەڵایەتی هەولێریشیان کردووە.

نووسینگەی ئاکرێ-ش لەرێگای فەرمانبەرکانیەوە بەشداری لە ژمارەیەك وۆرك شۆپ کردووە و سەردانی ناحیەی دینارتــەیان کردووە بۆ بلاَوکردنەوەی رۆشنبیری مافی مرۆڤ لە شوێنە جیاجیاکانی ناحیەکە.

هەروەها نووسینگەی دهۆك کۆبوونەوەیەکی گرێدا لەگەڵ لقی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و سەردانی بنکەی ئامــادەکردنی ئافرەتانیان کردووە و گفتوگۆ دەربارەی توندوتیژی دژی ژنان کراوە.

بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی  ئەم دوو مانگەدا سەردانی رێکخــراوی ئاســوودەی کــردووە کــە تایبەت بووە بە سەنتەری ژنان و ئامانجیش لەم سەردانەدا لە نزیکەوە ئاگاداربوونیان لە رەوشی بەڕێوەچوونی ئــەم ســەنتەرە بووە... لە درێژەی کاروچالاکیەکانیاندا نوێنــەری بەشــی منــداڵ و ژنــان ســەردانی مەکتــەبی سیاســی (ی.ن.ك)ی کــردووە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی هاوڵاتیەك کە پەیوەندی بەم شوێنەوە هەبووە...

هەروەها سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامانیان کردووە بۆ بەدواداچوونی کێشەی هاوڵاتی (ر.ع.ا). لـە لایـەکی دیکەوە ژمارەیەك نامیلکەیان کە تایبەت بووە بە فێربوونی کۆمپیوتەر پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کرد.

## * بەشی ڕێکخراوەکان *

بەشی ڕێکخراوەکـان وەك لایـەنێکی پەیوەندیـدار لـەنێوانی وەزارەت و ڕێکخراوەکـانی UN و یونـسێف و ڕێکخـراوە نـا حکومیەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بەردەوامی کارەکانی رایی دەکات لەماوەی ئەم دوو مانگە بەشداری لە ژمارەیـەك وۆرك شۆپ و بەرنامەکاندا کردووە و بەشـداری کۆبوونـەوەی (فۆکـەڵ پۆنیتـەکان) لەگـەڵ لێپرسـراوی ئۆفیـسی ڕێکخـەری حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری UN کردووە.

ئامـادەکردنی راپـۆرتێکی پێـشینیار و بۆچـوونەکانی بەشـی ڕێکخراوەکـان سـەبارەت بـە پلانـی سـتراتیژی بـۆ کـاری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ وەزارەت و کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوی هۆشیاری تاك سەبارەت بە پڕۆژەیەك کە ڕێکخراوی نـاوبراو بە نیازە وەك پڕۆژەیەك ئەنجامی بدات.

لە هەمووشی زیاتر بەشی ڕێکخراوەکان لە دیوانی وەزارەت بە بەردەوامی لە پەیوەندیدایـە لەگـەڵ ئـەو ڕێکخـراو و لایەنـە پەیوەندیدارانە کە لە بۆردی راوێژکاری ئەندامن بۆ ئامادەکردنی کۆبوونەوەکان و ناردنی راپۆرت و لێکۆڵینەوەکانی وەزارەت بە مەبەستی گفتوگۆکردن و خۆ ئامادەکردن بۆ کاتی کۆبوونەوەکان.